# چ جیاوازییەک لە نێوان تەلەڤزیۆنی LCD و LED و پلاسمادا هەیە؟



لەم دەیەی دواییدا تەلەڤزیۆن گۆڕانکارییەکی نوێ بەسەر سیستەمەکەیدا هات، تەلەڤزیۆنی جۆری پلاسما و LED و LCD نوێترین سیســـتەمی تەلەڤزیۆنی ئەم سەردەمەن. لە بازاڕەکانی هەرێمیشدا هەر سێ جۆریان هەن، زۆر کەس حەز دەکات جیاوازی نێوانیان بزانێت.

تەلەڤزیۆنەکانـــی جۆری LCD و LED ســـەرەڕای ئەوەی کـــە کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنـــی LED TV ریکلامی بۆ دەکەن، جیاوازییەکی بەرچاو و ســـەرەکی بـــەدی ناکرێ. تەنیا جیاوازیان لە جۆری رووناکی پشـــتەوەیانە. لە تەلەڤزیۆنەکانی جۆری LCD رووناکی پشتەوە واتە Back Light بە سوود وەرگرتن لە 2 تا 15 گلۆپی جۆری CCFL دابین دەکرێ. بەڵام لە تەلەڤزیۆنی جۆری LED رووناکی پشتەوە بە white LED دابین دەبێت. هەربۆیە گەشانەوە و بریقەیی لە تەلەڤزیۆنی جۆری LED زیاترە. جگە لەوەش لە دیزاینیشدا تەلەڤزیۆنی LED تەنکترە. جیـــاوازی لە نێوان تەلەڤزیۆنـــی LCD لەگەڵ Plasma زۆرە، لە پلاسمادا گەر وێنەیەکی جۆڵاو هەبێ، جوڵەکەی زۆر رێك نییە، لە ئاکامی ئەوەشـــدا رەنگەکان تێکەڵ و پێکەڵ دەبـــن. گەر وێنەیەکی نەجوڵاو هەبێ وەك وێنەی لۆگۆی کەناڵەکان، ئەوە هیچ جیاوازییەك بەدی ناکرێت، بەڵام ئەگەر وێنەیەکی جوڵاو وەك وێنەیەکی وەرزشی هەبێت ئەوە بە جوانی ئەوە دەردەکەوێ کە پلاســـما درەنگتر وەڵام دەداتەوە. تەلەڤزیۆنی پلاسما وزەی زۆرتری دەوێت، لە ئاکامدا دەکرێ بڵێین تەمەنی پلاسما کەمترە لە هەر دووجۆرەکەی دیکە. لە تەلەڤزیۆنی پلاسمادا ئەگەر تەلەڤزیۆنەکەت کوژاندەوەش دیسان تارماییەك لەسەر شاشەکە دەمێنێتەوە.

## کیبۆردێکی جۆکەر بۆ هەموو کارێک

لە بازاڕەکانی لای خۆشـــماندا هەندێك ئامێر هەن کـــە ئەرکی جۆکەریان هەیە و زۆر ئـــەرك جێبەجێ دەکەن، وەك ئامێرێك کە هەم چەقۆیە، فلاش میمۆرییە، پلایزە. دەرنا فیســـە، لایتە...تـــاد. یـــان ریمۆت کۆنترۆڵێك کە بۆ گشت ئامێرەکان دەبێت. ئـــەو کیبۆردەی لـــە وێنەکەشـــدا دیارە، کیبۆردێکـــە هەم بـــۆ مۆبایل، لاپتۆپ، دیســـکتۆپ، ئـــای پۆد، نۆتـــی بۆك. تاد. دەگونجێـــت. کیبۆردەکە لە رێگەی بلوتۆسەوە بەو ئامێرانەی ئاماژەمان پێدان پێوەند دەدرێت، لەگەڵ ئەوەشـــدا ماوسی خۆی لەگەڵ خۆیدایە و خاوەنی لایتێکی بەهێزیشە بۆ شوێنە تاریکەکان. کیبۆردەکە تەنیـــا بە قەد ریمـــۆت کۆنترۆڵێك دەبێت و 72 دوگمەی هەیە. کیبۆردەکە شەحن دەبێتەوە و ماوەی شەحنەکەی تـــا هەفتەیـــەك دەخایەنێ.





## لاپتۆپێک بە 30 چرکە لێکهەڵدەوەشێتەوە

بـــۆ لێـــك جیاکردنـــەوەی پارچەکانی لاپتۆپ لەیەکتر تەنانەت ئەگەر کەسێکی شـــارەزا و بـــە ئەزموونیش لـــەو بوارەدا هەبێت، بۆ ئەوەی کە گشت پارچەکانی لێبکرێنـــەوە نزیکـــەی 45 خولەك هەتا کاتژمێرێـــك دەخایەنـــێ. بۆ کەســـانی نەشـــارەزاش ئـــەوە هەر مەپرســـە چۆن پارچەکانـــی لێـــك جیادەکرێنەوە و چۆن تێکدەخرێنـــەوە. لـــەم دواییانەدا زانکۆی ئیســـتنفۆرد پـــڕۆژەی دروســـتکردنی لاپتۆپێکی دا بـــە کۆمپانیاکان کە تەنیا بە ماوەی 30 چرکە واتە کەمتر لە نیو خولەك گشت پارچەکانی ئەلەمنیۆمی و پلاستیکی لێکجیا دەکرێنەوە. ئەو لاپتۆپە نوێیە نـــاوی (Bloom) واتە خونچە. ئەو لاپتۆپە جگە لـــەو تایبەتمەندییەی، تایبمەندییەکـــی دیکـــەی ئەوەیـــە کە کیبۆردەکەی لە لاپتۆپەکە جیا دەکرێتەوە و دەکرێ بەبێ وایەر و لە رێگەی دوورەوە سوودی لێوەربگری.

## له 2011دا ئۆتۆمبێلەکان دەفڕن



خەیاڵ یان راستی؟ رۆژێك دادێت ئەوەی بە خەیاڵی دەزانین ببێتە واقیعییەت، هەروەك ئەو وێنەیەی ئێستا دەیبینن. لە ساڵی 2009دا زانایانی بواری ئۆتۆمبێل دروستکردن بیریان کردەوە ئۆتۆمبێلێك دابهێنن کە بتوانێ وەك فڕۆکە بە ئاسماندا بفڕێت. هەوڵەکانیان بۆ گەیشتن بەم ئامانجە لە ساڵی 2011دا هاتە دی. هێڵی فڕۆکەوانی Terrafugia رایگەیاند ئۆتۆمبیلی فڕۆکە لە ساڵی 2011دا دەکەوێتە بازاڕەوە. باڵە درێژەکانی ئۆتۆمبێلە فڕۆکەکە لە ماوەی 30 چرکەدا کۆدەبنەوە و دەبێتەوە ئۆتۆمبێلێکی ئاسایی. ئۆتۆمبیلەکە تەنیا شوێنی 2 کەسی تێدا دەبێتەوە...

## ماوس یان گەیم پاد؟

پێدەچێ بەرهەمهێنەرانی تەکنەلۆژیای نوێ، ماوسی کۆمپیوتەر وەك بیرۆکەیەك بەکار بێهنن بۆ بەرهەمهێنانی تەکنەلۆژیای دیجیتالی سەردەم، لە ژمارەی رابردوودا، باس لە داهێنانی ماوسێك کرا کە جگە لە ئەرکی سەرەکی خۆی کە ماوسی کۆمپیوتەرە، دەیتوانی سات بە سات لەسەر لێدانی دڵی بەکارهێنەرەکە زانیاری بدات.


ئەو ماوسەی کە لێرەشدا دەبینن، یەکێکە لە ماوسە سەرنج راکێشەکان، کە لەسەرەوە را وەك ماوسێکی ئاسایی دەچێت، بەڵام



کە سەیری خوارەوەی دەکەی دەبینین، گەیم پادێکی تەواوە بۆ کۆمپیوتەر. ئەو کەسانەی کە حەزیان لە یاری ئەلکترۆنییە پێویست ناکات گەیم پادێکی تایبەتی بۆ کۆمپیوتەر دابنێن، چونکە ئەو ماوسە هەردوو ئەرکەکە ئەنجام دەدات. 14 دوگمەی خوارەوەی ماوسەکە ئەرکی گەیم پادێك ئەنجام دەدەن 7 دوگمەکەی سەرەوەش ئەرکی ماوسێکی کۆمپیوتەر. ئەو ماوسە بڕیار وایە لەسەرەتای

## پرۆگرامێک خێرایی تایپ کردنت چەند بەرابەر دەکات

جیهانی پرۆگرام هەردەم گۆڕانکاری گەورەی بەسەر دادێت، پرۆگرامەکانی تایبەت بە تایپکردنی هۆشمەندیش بەدەر نین لەم گۆڕانکارییانە. گەلێك پرۆگرام هەن کە بۆ ئەم مەبەستە دانراون، هەندێك لەوانە هەڵە رێنووسییەکان چاك دەکات، هەندێکی دیکە هەڵەی رێزمانی، هەندێکیش بە دەنگ بۆیان دەخوێنییەوە و ئەوان دەنگەکە دەکەنە دەق.



پرۆگرامی PhraseExpress یەکێکە لە پرۆگرامە باشەکان کە بۆ ئەم مەبەستە داندراوە. یەکێك لە تایبەتمەندییە سەرنجڕاکێشەکانی ئەو پرۆگرامە ئەوەیە کە دەتوانی پیتێك یان کارەکتەرێك بۆ رستەیەك یان وشەیەك دابنێی و بە داگرتنی ئەو دوگمەیە رستەیەکت بۆ بنووسێ. بەتایبەتی ئەگەر بابەتێك بنووسی کە چەندین جار رستەیەك تێیدا دووپات بێتەوە، ئەو کاتە ئەرکێکی زۆرت لە کۆڵ دەکاتەوە. هەروەها دەتوانی دوگمەیەك بۆ چەندین رستە دابنێی. جگە لەوەش دەتوانی وێنەیەك وەك ئیمزای خۆت وەربگرێ. تایبەتمەندییەکی گرنگی پرۆگرامەکە لەوەدایە کاتێك تۆ بە رێنووسی خۆت وشەیەك دەنووسی، گەر چەندین جار ئەو وشەیەت نووسی، پرۆگرامەکە لە زەینی خۆیدا رایدەگرێ، ئەگەر جارێك بە هەڵە بینووسی، ئەو راستییەکەت بەبیر دەخاتەوە. هەروەها گەر رستەیەك چەندین جار دووپات بۆوە، پرۆگرامەکە هەر وشەیەکی یەکەمی رستەکەت نووسی خۆی دوایییەکەی دەنووسێ. بەراست بێ چەشنە ریکلامکردن بۆ پرۆگرامەکە دەتوانن سوودێکی زۆری لێ ببینن.




www.gulan-media.com/it
بەرپرسی فایلی ئایتی: سەنگەر شنۆیی: بۆبابەت و سەرنجەکانت پەیوەندی بکە :
Mobile: 07504514008
Email: it @gulan-media.com

# دیارییەکانی گوگل بۆ

## گۆگل کرۆم بە خزمەتگوزاری زیاتر دەوڵەمەند دەبێت

کۆمپانیای گوگل رایگەیاند لە ســاڵی 2011 دا واتە بەر لە هاتنی ســەری ساڵیش، دینەمــۆی بەدواداگەڕانی ســایتەکان، واتە «گوگل کــرۆم» کۆمەڵێك خزمەتگوزاری نوێــی پێــوە زیاد بووە و ئەو کەموکوریيانەشــی هەشــیبوون لابردراون. بــە زیادکردنی پرۆگرامێکی بچــوك بەناوی Crankshaft گشــت کارکردەکانی ئەو دینەمۆیە نوێ دەبنەوە. بە نوێبوونەوەی دینەمۆکە 100 جار خێراتر دەبێت لە Inte-.net explorer

هەروەها گۆڕانکاری لە بەشــی گرافیکی ئــەو پرۆگرامەدا هاتوتــە پێــش. ئەمنييەتی کــرۆم بەتايبەتی لــە کردنەوەی فایلەکانی PDF و فلاشدا زۆر زیاتر بووە. جگە لەوەش 500 پرۆگرامی لاوەکی بۆ ئەو دینەمۆیە بەرهەم هاتوون کە هەرکامیان خزمەتگوزارییەکی نوێ ئەنجام دەدەن.

## گوگل یەکەمین لاپتۆپی تایبەت بەخۆی بەرهەم هێنا



گوگل لە کۆمپانیايەکی بەدواداگەڕان و سێرچدا پێدەنێتە بەرهەمهێنانی ئامێری وەك مۆبایل و کۆمپیوتەر تەکنۆلۆژیای دیجیتالی نوێ. گوگل بەم دواییانە لاپتۆپێکی بەرهەم هێنا کە تەنیا سیستەمی خۆی لەسەرە، سیستەمی گوگل هەروەك سیستەمەکانی ویندۆز و ماکینتۆش یەکێکە لە سیســتەمە نوێیەکان. ئەو لاپتۆپە کە بە CR-48 ناســراوە بڕیار وایە لەســەرەتای ئەم ساڵەوە بکەوێتە بازاڕەوە. شایانی ئاماژە پێدانە ئەو لاپتۆپە تەنیا سیستەمی گوگل وەردەگرێ و لەگەڵ هیچ سیستەمێکی دیکــە ناگونجێت. هاووڵاتيانی ئەمریکی دەتوانن بە کڕینی لاپتۆپێکی گوگل، دوو ســاڵ لە خزمەتگوزاری بە خۆڕایی ئینتەرنێت سوودمەند بن. هەرچەندە لاپتۆپەکە بە رواڵەت هیچ ســەرنجڕاکێش نییە، تەنانەت گوگل لۆگۆی خۆشی لەسەر لاپتۆپەکە دانەناوە، مەبەست گوگل لەوە ئەوەیە کە بــە رکابەرەکانی خۆی بڵێت ئەو لاپتۆپە تەنیا بەمەبەستی تێستە و هیچی تر.

# نوێترین تەکنۆلۆژیای دیجیتال

## ئایفۆن و مایکرۆسکۆپ

مۆبایلی جــۆری ئایفۆن هەروەك لە ژمارەکانی رابردووشــدا، ئاماژەمان پێداوە هەواڵمان لەســەر بڵاوکردۆتەوە، بەرەبەرە شــوێنی ئامێرە دیجیتالییە بچوکــەکان دەگرێتەوە. ئــەو ئامێرەی کە دەبینن و بــۆ مۆبایلی جۆری ئایفۆن4 بەرهەم هاتووە، مایکرۆسکۆپێکە کە بۆ ئەوانەی حەزیان لە جیهانی گەردیلە و خانەیە دەتوانێت باشترین دیاری بێت. بەهۆی ئەو ئامێرەوە وێنەیەکی روونتر لە جیهانی گەردیلە و خانەکان بۆ عەدەسەی کامێراکە دەنێردرێ.



## کۆمپیوتەر بەقەد پەنجەیەک

ئێمە تاکو ئێستا کۆمپیوتەری جۆری دیسکتۆپمان دیوە کە هەم کێشی زۆرە و هەم قەبارەی گەورەیە، بەڵام ئەم کۆمپیوتەر بچوکەی کە لێرەدا دەیبینن تەنیا 10 سم-ە. ئەو کۆمپیوتەرە بچوکە بە Xi3 ناسراوە. خاڵی سەرنجڕاکێش لەم کۆمپیوتەرەدا ئەوەیە کە 6 شوێنی دانانی USBی هەیە. شوێنێکی DVI و 2 شــوێنی ESATA، شوێنی دانانی مۆنیتۆر و شوێنی دانانی تۆڕی ئینتەرنێت، جگە لەوەش خێرایی کۆمپیوتەرەکە 2 گیگا بەهێزترە.



## گوگڵ لەسەرەتای ساڵدا دووەم مۆبایلی خۆی دەخاتە بازاڕ

گوگڵ نزیکەی ساڵێك لەمەوبەر یەکەم مۆبایلی خۆی بەرهەم هێنا، بۆ ســـەرەتای ئەمســـاڵیش دووەمیـــن مۆبایلی خۆی کە بە Nexus s ناســـراوە دەخاتە بازاڕ. ئـــەو مۆبایلە لەلایەن کۆمپانیای سامســـۆنگەوە، تایبەت بۆ گـــوگڵ بەرهەم هاتووە. پێچەوانەی لاپتۆپەکەی گوگڵ، ئەم مۆبایلە لە بواری دیزاینەوە زۆر سەرنجڕاکێش و جوانە. 16 گیگابایت هاردی خۆی هەیە و هەروەها ڕامەکەشـــی 512 میگابایتە. سیستەمی VOIP واتە پێوەندی گرتن لە ڕێگەی ئینتەرنێتی لەســـەرە. کامێراکەی 5 میگاپیکســـە. هەروەها پارچەیەکی تایبەتی بۆ دانراوە کە شـــوێنی کارتی بانك دەگرێتەوە و دەتوانی بەهۆیەوە پارە لە بانك وەربگری. هەروەها بەهۆی ئەو مۆبایلەوە دەتوانی دەرگەی ماڵ و هوتێلەکان بکەیەوە.





## پرۆگرامی Tanida demo builder بۆ دروستکردنی فیلمی فێرکاری

یەکێـك لە شـێوازەکانی فێربوونـی پرۆگرامەکانـی کۆمپیوتەر، سـەیرکردنی CD فێرکارییـە، ئەو فیلمانەی کە بۆ ئەم مەبەسـتە دروسـتکراون. گەلێك پرۆگرام هەن بۆ دروستکردنی CD فێرکاری، هەرکام لەو پرۆگرامانە توانای خۆیان هەیە، بەڵام پرۆگرامی Tan-da Demo Builder سەرەڕای توانایەکی بەهێز لە دروستکردنی فیلمی فێرکاریدا، شێوازی کارەکەشی زۆر ئاسانە، تەنانەت ئەوانەی کە شارەزاییەکی ئەوتۆشیان لەسەر کۆمپیوتەر نییە دەتوانن بەو پرۆگرامە ئەرکەکانیان جێبەجێ بکەن. لەو پرۆگرامەدا تەنیا دوگمەی ڕیکۆردەر لێبدە و دوای تەواوبوونی کارەکەش ڕاست کلیك بکە. دوای تەواوبوونی فیلمەکەتـان دەتوانن گۆڕانکاری تێدا بکەن، وەك نووسـینی دەق لە شـوێنی پێویستدا، سـوود وەرگرتن لە ئێفێکتی جۆراوجۆر و هەندێك توانای دیکەش کە بەکارهێنەر دوای سـوود وەرگرتن لە پرۆگرامەکە دەتوانێ بیاندۆزێتەوە..

## لە ساڵی داهاتوودا خێرایی کۆمپیوتەری زۆر دەچێتە سەرێ



پارچـەی BIOSی کۆمپیوتەر کـە ڕۆڵی سـەرەکی لە هەڵبوونی سیستەمی کۆمپیوتەردا دەگێڕێ و لـە ئاکامدا خێرایـی کۆمپیوتـەر دەچێتەسـەرێ، نزیکـەی 25 سـاڵە هیـچ گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسـەردانەهاتووە، جگە لـەوەی بەهێزترکـراوە، بـەڵام هیـچ جێگرەوەی باش بۆ ئەم پارچەیە دانـەراوە. هۆکارێکی دابەزینـی خێرایـی کۆمپیوتەر. ئێسـتاکە بڕیار وایە سـاڵی 2011 گشـت BIOSـەکان هەڵبگیردرێنەوە. تەکنۆلۆژێکی نوێتر بەناوی UEFI جێگەی بگرێتەوە.

گرفتێکی سـەرەکی لە کۆمپیوتەرەکانی ئێستادا ئەوەیە کە پارچەی BIOS لەگەڵ هارددیسـکەکانی چەند ترابایتی یەك ناگرێتەوە. لە سیسـتەمی نوێدا خێرایی لە هەڵبوونی سیستەم لە 25 چرکەوە دەگاتە 10 چرکە.

## ـــــی سەردەم

### ئەو پاترییانەی بە چەند چرکەیەک شەحن دەبنەوە

کۆمپانیـای Loxus کە یەکێکە لە کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنی پاتری، لەم دواییانەدا ڕایگەیاند کە نوێترین و باشترین پاتری بەرهەم هێناوە کە 2 بەرامبەری پاترییە هەرە باشەکان کە ئێسـتاکە هەن خۆڕاگرترن. خاڵێکی جێگەی سەرنجە لـەو پاترییە نوێیەی کۆمپانیای ناوبراودا ئەوەیـە کە لەماوەی چەند چرکەیەك شـەحن دەبێتەوە. ئەو پاترییانە بۆ ئامێرە دیجیتاڵییەکانی وەك کامێرا، ئای پاد، ڕیمـۆت کۆنترۆڵ و تەنانەت کاروباری نیزامیشـدا سوودی لێوەردەگیرێ، بۆ ئەوەی کە پاترییەکە بەتەواوی شـەحن بێتـەوە. پێویسـتی بە 90 چرکەیە.

